# لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا:
# لوئیس گۆردۆن

**لە فارسییەوە: هونەر شاهۆ**

-----

ڤیلادیمێر: هەر ئەوەندە دەزانم لەم بارودۆخەدا، مات زۆر درەنگ تێدەپەڕێت و ناچارمان دەکات سەرگەرم بین بە چەند کارێکەوە ـ چۆن چۆنیی بڵێم ـ چەند کارێک، کە لەسەرەتاوە ژیربێژیی دێتە بەرچاو، تاوەکو ئەوەی ئاساییی دەبنەوە. لەوانەشە بڵێیت: ئەمە ڕێگەیەکە تاوەکو نەهێڵیت ژیربێژمان نەسووڕێنێت، بەدڵنیاییەوە. بەڵام مەگەر هەر ئەم ژیربێژە دەمێ: نییە کە لەناو دڵی ئەم شەوەدا، کە تەواو نابێ، کەوتووە؟ ئەمە هەر ئەو شتەیە، کە هەندێک جار سەرسام دەبم پێی. ئاگات لە قسەکانمە؟
ئیستراگۆن:... هەموومان بە شێتیی لەدایک دەبین. هەندێکمان بە شێتیی دەمێنینەوە.
لەچاوەڕوانیی گۆدۆدا

کاری مرۆڤی شایەنی پێداگریەکی تەواو نییە، بەڵام پێداگرییکردن گرینگە...
خودا بە تەنیا شایەنی پێداگریەکی بەرزە، بەڵام مرۆڤ گەمەی دەستی خودایە... کەواتە ڕێگەی ڕاستیی ژیان کامەیە؟ دەبێت وەک گەمەیەک بژین لە ژیاندا، گەمە تایبەتەکان، قوربانیەکان، سەما و ئاواز، ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانێت تووڕەییی خوداکان دابمرکێنێتەوە و بەرگریی لە خۆی بکات بەرانبەر دوژمنەکانی و پێشبڕکێیەکە ببیاتەوە.
یوهان هویزنگا

لە جیهانی پڕ لە پێکهاتە بڕوادارەکاندا، زەین و دڵی مرۆڤ لە گەڕان دایە بۆ شایەتییدان لەسەر کارەکان، دڵنیا بوون لەسەر ئەم بڕوایە، کە ژیان واتای هەیە و کردارەکانمان ئامانجەکانمانن.

بەناونیشـانی هەقیقەتـی بوونـی دەتوانرێـت گریمانـەی ئـەوە بکرێت، کـە بەپێچەوانـەی هەوڵەکانـی تاکـەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە جیهـان، یـان گۆڕینـی جیهـان «لەژێـر ئاسـمانی شـیندا، هیـچ شـتێکی تـازە نییـە» (تـەورات) هـەر بـەو جۆرەی کـە سـامویل بێکێت ئـەوە پێشـان دەدات «فرمێسـکەکانی جیهـان چەندایەتییەکـی پەیتـا پەیتـان...» بـەڵام مـرۆڤ لەگـەڵ پێـوەرە ڕێژەییـیەکانـدا جیهـان داگیـر دەکات. کات تێدەپەڕێـت و مـرۆڤ پیـر دەبێـت، لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئـەم هەقـە هەڵاتـووە قبوولْنـەکارەدا، بـە ئیرادەیەکـی بەهێـزەوە لەنێـوان دابەشـکاریەکانی کات و شـوێندا بـۆ بـە دەسـتهێنانی ئامانـج و پێکهاتـە بڕواپێکراوەکان بـە جۆرێـک تێدەپەڕێـت، کـە وەک بڵێـی ئەوانـە هەقیقەتێکـی ڕەهـان.

ژیـان بـەو جـۆرە نییـە، کـە شانۆنامەنووسـە کۆنـەکان وێنـای دەکـەن، واتـە کۆمەڵێـک لـە ڕووداوە دامـەزراوەکان، کـە لـە سـەرەتاوە، نێوەنـد و کۆتاییـیەکیـان هەیـە. زمـان و ژیربێژیـش ئامڕازێکـی سـوودمەند نیـن بـۆ بەرهەمهێنانـی پێوەندیـی و تێگەیشـتنی مانـا. بـەڵام مـرۆڤ، تەنانـەت ئەگـەر لـە بەنـدی فەرمانـی خـودادا نەبێـت، هەمیشـە لەنـاو چاکسـازییـیەکاندا ئامانجـدارە. هـەر بـەو جـۆرەش پێویسـتی بـە لەنگەرێکـی ئەخلاقیـی، یـان مەعنەویـی هەیـە.

لـە چاوەڕوانیـی گـۆدۆش، پێویستییـیەکانی ئامانجـی ژیـان و ناکۆکییـە سـۆزدرایەکان پێشـان دەدات، کـە هەوڵدانێکـی یەکگرتوانەیـە بـۆ جێگیربوونـی خـۆی. ڤیلادیمێـر و ئیسـتراگۆن، پاشـماوەی ژیانێکیان بۆ ماوەتـەوە، کـە زاڵ نیـن بەسـەریدا و بـە پێچەوانـەی ڕێخۆشـکارییـیەکی قارەمانانـەوە ناتوانـن ڕزگاریـان ببێـت لـە نیگەرانیـی و دڵتەنگیـی، کـە ئاوێتەی هەسـتی بێامانجیان بـووە. وەک بڵێـی شـێوای هەسـتپێنەکردن زاڵـە بەسـەر جیهانـی ناوەوەیانـدا. هەوڵەکانـی ئـەوان بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەم فـەزا خاڵییـە زیاتـر دەبێتـە هـۆی تەشـەنەکردنی سـڕی، بڕیارنەدان و مـەودای نێـوان کار و کردەوەکانیـان زیاتـر دەکات. لـە جیهانـی هەقیقییـدا، ئـەوان تەنیـا لـە جووڵـەی مانـادار، بـەردەوام و پێوەندییـەکی پەرێشـاندا هاوبەشـیی دەکـەن و بەئـاگان لێشـی.

بەرگرییکردنـی ئـەوان دلێرییـان پێشـان دەدات، لـە کاتـە باشـەکانیاندا باسـی ئەمـە دەکـەن:

**ئیستراگۆن:** هیچ کارێکم نەدەکرد.
**ڤیلادیمێر:** لەوانەیە کارێکت نەکردبێت. بەڵام ئەوەی گرینگە، ڕەوشتی ئەنجامی کارە، ڕەوشتی ئەنجامەکەی، ئەگەر بتەوێت بە زیندوویی بمێنیتەوە.
**ئیستراگۆن:** کارێکم نەدەکرد.
**ڤیلادیمێر:** ئەگەر بتزانییایە خۆشحاڵ دەبوویت، لە ناخی دڵەوە...
**ئیستارگۆن:** خۆشحاڵ لەبەر چی؟...
**ڤیلادیمێر:** بڵێ خۆشحاڵم.
**ئیستراگۆن:** خۆشحاڵم.
**ڤیلادیمێر:** منیش.
...
**ئیستراگۆن:** منیش...
**ڤیلادیمێر:** ئێمە خۆشحاڵین.
**ئیستراگۆن:** ئێمە خۆشحاڵین. (بێدەنگیی.) ئێستا چی بکەین، ئێستا، کە خۆشحاڵین؟
**ڤیلادیمێر:** لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا دەمێنینەوە.

لە خراپترین ساتەکانیاندا دڵتەنگیی و دەستەپاچەیی شوێنی خۆیان بە نیگەرانیی و ترسناکیی پڕ دەکەنەوە: «ئەگەر جیابووبانەوە لە یەکدی، باشتر دەبوو.» دوای قسەکردن لەسەر دنیا بۆ نیشتەجێبوونی شوێنی خود، بۆ هەر شتێک، کە بۆنی ئامانج بدات، (گفتوگۆیەکەیان ڕەنگ و بۆنی فەلسەفەی کەسانی بە ئەزموونیان هەیە) پرسینەکانیان بێوەڵام ماوەتەوە. لە ڕابردوویاندا هیچ هێما و نیشانەیەک لە ڕێزلێنان، یان لاساییکردنەوە نییە، داهاتووشیان هەم جێی شێواویب و نیگەرانییە. ئەوان دەنگەژەی هیچ پێڕەوێک، هیچ سەرکردەیەک، یان هیچ ڕۆڵەیەک نین، لەبەر ئەوەی ئەوانەی، کە خۆیان بێبەشن لە پێکهاتەیەکی بڕواپێکرا و هەستی بوون، چ سوودێکیان هەیە بۆ ئەوانی دی؟ لاوازیی هەمیشەیی ئەوان لە کرداردا ـ((وەرە بڕۆین. {ناجووڵێن.}))ـ هەڵگەڕانەوەی قووڵترین ئاگایی ئەوان لە هەوڵە بێسوودەکاندا بۆ تێگەیشتن لە هەقیقەت یان

ئامانجی ژیانە. جگە لەمانەش، پێداویستیی جێبەجێکردنی کرداری ناساندنی بوار، مەبەست و ئامانجە.
پارادۆکسی مانەوە لە شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا گەڕانەوەی ئەفسانەی سیزیفی کامۆ دەسەلمێنێت. سیزیف دەیتوانی ئەوە هەڵبژێرێت، کە واز لە تاشە بەردەکە بهێنێت، لە داوێنی کێوەکەوە، یان پەیتا پەیتا تاکو سەرەوە بیبات، لەکاتێکدا، کە تەنیا ئیرادەی ئەوە بوو، کە دوای کەوتنەخوارەوەی تاشەبەردەکە، لە بارودۆخێکدا، کە بیەوێت، بتوانێت جارێکی دی، ئەم کارە بێسوود و بەئازارە ئەنجام بدات. لە ڕوانگەی کامۆوە خۆڕاگریی سیزیف، بەپێچەوانەی دەسکەوت و بێمانایی کارەکەی، نیشاندەری گەورەییی ئەوە. ئەو، بە چاوپۆشین لە ناعەقڵانیەتبوون، چارەنووسی خۆی و کۆبوونەوەی لەسەر شینیەتیی ئاسمان و نەخشەی تاشەبەردەکە، خۆپارێزییکرد لە وەرگرتنی چارەنووسی.
پارادۆکسی پووچخوازیی کامۆ، وەک بوونخوازیی ژان پۆڵ سارتەر، پێویستییەکی بوونی ڕووحییە لە نێوان خۆڕاگریی و نەتوانیندا، نێوان ژیربێژ و پووچیی، کە لەوێدا ئاگاییی لە بێمانایی ژیان ـ لە گۆشەی زەینی مرۆڤدا ـ بوار دەدات بە تاک تاوەکو بە تەواوەتیی و بەبێ هیچ نیگەرانییەک لە جیهانێکی پەشۆکاو و ڕووداوییدا بژیی. بەڵام پاڵەوانەکانی بێکێت جیاوازن لەگەڵ پاڵەوانەکانی کامۆدا: ئەوان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە هەقی خۆیان لە ژیاندا، بێبەشن لە هەستی بەرگرییکردن. ناتوانرێت سیزیفی شەکەت و شێواو هەندێک جار، وەک خۆی و هەندێک جار، وەک داواکار لە کۆتاییی گوریسی تەمەنیدا ببینرێت. بەڵام ئەمە دەرفەت و بارودۆخی هەمیشەییی ئیستراگۆن و ڤیلادیمێرە.
کەسایەتیەکانی بێکێت، تەنانەت کەمێکیش وەک سیزیف خاوەنی دڵنیاییی نین. بۆ نمونە ئەوەی، کە ڕۆژی دواتر، تاشەبەردەکە، یان کێوەکە لە شوێن خۆیدایە یان نا. یان ئەوەی، کە کات و شوێن هەر بەو جۆرەیە، کە دێتە بەرچاو. گومانی ئێمە هەمیشە لەبارەی نەبوونی بەدیهاتنی ئاساییترین ئارەزووەکانی کەسایەتیەکانی بێکێت نییە، بەڵکە بەگومانین لە هاودەقی گفتوگۆ و بیستنی ئەوان

لەبارەی پەیامی بابەتەکانەوە. ئەوان بێبەشن لەو ئیرادە بنەڕەتییەی، کە بەرگرییکردن لێی بەهێزە و هەر ئەم خاڵەش، لە لێواری نغرۆبوونی خودناسینی شوناسی تاکی ئەواندا، لە جێبەجێکردنی نەخشدا، وەک ئامرازی مانەوە، ئەوان دەگۆڕێتەوە بە بێگانەییی لە دنیای سیزیفدا. دەستەواژەی «خۆشبەختیی»، کە کامۆ سوودی لێوەردەگرێت لەو بۆ شیکردنەوەی سیزیف لە باشترین حاڵەتدا، هەندێک جار، لەبارەی کەسایەتیەکانی بێکێتەوە بەکاردەهێنرێت.
تەنیا ئیرادەی ڤیلادیمێر و ئیستراگۆن نەبوونی دڵنیاییەکی ترسناکە بە دنیا، لەگەڵ ئەمەشدا، گریمانەی ئەم خاڵەش پێویستە، کە ڕۆژێک و بەشێوەی مانا ئاشکرا دەبێت. کۆبوونەوەی کۆتا چالاکیی ڕۆژانەی ئەوان لەسەر ئەمەیە، کە بۆ بەدیهاتن و دۆزینەوەی ئەم مانایە بەدڵنیاییەوە گۆدۆیەک هەیە. لە شوێنگری ئەم ئومێدەدا، پارادۆکسی چاوەڕوانیی نەشاردراوەتەوە.
کاری مانەوە یان چاوەڕوانییکردن بە نەخشەی گەمەکان و ئەو شانۆنامەیانە دەکێشرێت، کە کەسایەتیەکانی بێکێت، بۆ تێپەڕاندنی کات و ساڵەکان دەستەوداوێن دەبن پێیەوە. هەماهەنگیی لەگەڵ نزیکترین کەسدا لە ژیاندا، شوێن گۆڕینەوەی ئومێد و نیگەرانییەک، کە لە درێژایی ئەم هەماهەنگیەدا بەرگەی دەگیرێت، گومان و گومانکارییەک، کە هەریەکێکیان لەگەڵ ئەم کارەدا هاوبەشە. بەرانبەر ئەمە، پێوەندیی نێوان ڤلادیمێر و ئیستراگۆن هۆشیان پەرت دەکات لە نیگەرانیی، دژداماویان کەم دەکاتەوە و دەجەنگێت لەگەڵ ئیفلیجبوونی ئەواندا. جەنگ بۆ مانەوە لە جیهانی بێبەشی مانادا چەندەها ڕەوشتی فرەچەشنی تر بوونیان هەیە. بۆ نمونە کار، ژیانی بنەماڵەیی و چالاکیی کۆمەڵایەتیی. بەڵام ئەوان، بەپێچەوانەی هەندێک بەڵگەوە بەپێی شوێن و جێگە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕابردوودا، ئەم ڕەوشتانەیان بە نەبینراویی گرتووە. ڤیلادیمێر و ئیستراگۆن وازیان لە نەخشە توندوتیژەکانی خۆیان هێناوە، چەند نەخشەیەک، کە ئەگەری دەرکەوتنی تووڕەیی و نائومێدییان هەیە، ئەو ئاوڕدانەوەیە، کە سوودێکی کەمتریان هەیە و هاوڕان لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤدا لە بابەتی پووچییدا. سەرکردەکانی هاوشێوەی

پۆزۆ و کۆیلەکانی هاوشێوەی لەکی، کەمتر پێشوازیی لەم جۆرە نەخشە ستایشکارانە دەکەن، نەخشەی دیکتاتۆری سادیست و گوێڕایەڵی مازۆشیست. هەر بەو جۆرەی، کە پۆزۆ دەڵێت، تەنانەت لەبارەی ئەوانەشەوە «مرۆڤ کاتێک بە تەنیا دەچێتە سەفەر، کە پێی وایە ڕێگەکە زۆر دوورودرێژە». بەڵام پێوەندیی ئیستراگۆن و ڤیلادیمێر مرۆڤییترە، پێوەندییەک، کە نەخشی ڤیلادیمێر عاقڵانییتر و فەلسەفیترە و نەخشی ئیستراگۆن میهرەبانتر و خۆشەویستترە. بەم ڕێکخستنە ئەوان دەگەن بە تۆمارکردنێکی هاوسەنگ. ئەوان دەتوانن بگەن بە پێکەوەبوونێکی تاڕادەیەک ئاشتیانە و پێشبینییەکی قبووڵکار. هەڵبەتە مەگەر ئەوەی، کە کارێکی پێشنەکەوتوو هاوسەنگی ئەوان تێکبدات، شتێک وەک چوونە ژوورەوەی چەند غەریبەیەکی وەک لەکی و پۆزۆ. لەم شێوازەدا، هەر بەو جۆرەی، کە ڕوودەدات، دەمامکەکانیان پارچە پارچە دەبێت و لایەنە کەمتر داواکراوەکانی بوونیان ڕووبەڕووی هاوسەنگییەک دەبێتەوە لە پێوەندییەکەیاندا و جیا دەبێتەوە لە یەکدی.
بەرانبەر بەمە، هەبوونی ئەم بارودۆخەش زەمینەی فەلسەفەیی ئەم شانۆنامەیە دادەڕێژێت. هەر چەندە بێکێت نە هیچ وەڵامێکی هەیە بۆ ئەم مەبەستە تیۆرییە و نە بەشێوەیەکی تەواو لەبارەیانەوە قسان دەکات. وێنەی وردی تێفکرین هاوکات ئاگایانە و نائاگایانە، کە بابەتی داهاتووە، بووەتە هۆی گوشارێکی تەواو بۆ گۆدۆ. هەر لەبەر ئەم ڕێژەیەش ئەم تایبەتمەندییە لە گەمەی کەسایەتیەکاندا دەردەکەوێت، بۆ مانەوە و بەرژەوەندیی سۆزداریی دەهێنێتە ئاراوە، کە لە سنووری ئەو چارەسەرەی ئەواندا بۆ مانەوە بەکاردەهێنرێت. بێکێت ئەم کارە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکییەکان و هەوڵەکانی ئەوندا ئەنجام دەدات، تاوەکو ئەوان لەو ڕێگەیەوە بتوانن هەستی پووچیی و تەنیاییی هەرە ڕۆژە بەڕێوەبەرن، کە بزوێنەری تەواوی بابەت و سەرنجەکانی شانۆنامەکەیە. کەرەستە و دەستەواژە دووبارەکان، فەرمانە ئەدەبیەکان، جووڵەکانی جەستە، ڕێکخستنی شانۆ و دانانی شوێنەکان، هەموویان ڕەوتی خۆپیشاندانن لە ژیانی دەمامکداری سۆزدار. بێکێت لە وێناکردنی شاعیرانە و

ڕاوێژکارانـەی خۆیـدا، لـە نیگەرانیـی و داماوییـدا زەینـی دەروونـی پێشـان دەدات لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هەوڵـە ئاگایانەکانـدا بـۆ مانـەوە. گێـرە و کێشـەی شـانۆیی ئـەم بەرهەمـە لەسـەر بناغـەی شوناسـی ماهیەتـی مـرۆڤ لـە بەدیهێنانـی بارودۆخـی بەشـەردایە. یەکەمیـن ئەمـەی، کـە ڤیلادیمێـر و ئیسـتراگۆن لـە کاری نوێنەرانـی ئیـرادەی مرۆڤـدا دەردەکـەون. ئـەوان، بەپێچەوانـەی ناومێدیـی و گومانەکانیـان لەبـارەی داهاتـووەوە، ژیـان بـە شـوێنگرەوەی ئـەو دادەنێن. بێمـاڵ و حاڵەکانی بێکێت بـە پێچەوانـەی سیزیفی کامۆوە بۆ ئارامیی و تێپەڕین لـە ڕاڕاییەکان لـە تەنیشت خۆیاندا نیشتەجێ بـوون. ئەمـە لەوانەیـە ئەگەرێکـی باشـتر بێـت بـۆ مانەوەیـان. بـەڵام ئەمـە ڕێکخستنێکی پێچەوانەیە، لەبـەرەوەی ئەگـەر پێویستی هەبوون و تینوویەتیـی سـۆزداریان شـەرتێکی گیرۆدەیـی ڕووبـەڕووە، کـە ئەنجامدانـی نەخشـی بەدیهاتنیـان دەدۆزێتـەوە، ئـەوا هـەر ئـەم کارە دەبێتـە هـۆی فریودانیـان. حـەزە سـۆزداریەکان پەیتاپەیتـا بـە ئاسـۆیی دێـن، دەردەکـەون و لـەو شـوێنە، کـە لـەو بـازاڕە شـێواوەدا بەدیهاتنی نەخشـە ڕێخۆشـکارەکان دانـراون، تەنانـەت لـە وردترین دەقەکانیشـدا ئەگـەری شـێواویی شـوناس و جێگۆڕینـەوەی نەخشـەکان بوونیـان هەیـە. لـەم مەبەسـتی دەقانـەدا بەتەواوەتـی سـەرکەوتوو نیـن. باشـترین سـاتی شـانۆ کاتێکـە، کـە ناوەرۆکـی بوون ئاشـکرا دەبێت. دواجـار کێشـەی بێچارەسـەر ئـەوە دەبێت، کە هـەر شـانۆکارێک چەنـد ئارەزوویەکـی هەیـە، کـە هەرگیـز وننابێـت: هیـچ کەسـێک وەڵامـی پرسـیارە فەلسـەفیەکانی ڤیلادیمێـر ناداتـەوە، هـەر بەوجـۆرەی، کـە هەرگیـز هیـچ کەسـێک گـوێ بـۆ خەیاڵەکانـی ئیسـتراگۆن ناگرێت. لەئاکامـدا ئـەوان لـە دڵنیانەبوونـەوەی چیەتیـی و ماهیەتـی گـۆدۆ لـە چاوەڕوانیـی «ئـەو»دا دەمێننـەوە و بەتەواوەتـی لـە ئامانجـی چاوپێکەوتنـی ژوانەکەیـان بێـاگا دەمێننـەوە. ئـەوان ناترسـن لـە ئەگـەری ڕووبەڕووبوونـەوەی تووڕەیـی گـۆدۆ: دەزانـن، کـە گـۆدۆ لـە کوڕە پەیامبەرەکە دەدات، لەگەڵ ئەمەشـدا هێشـتا چاوەڕێن. هاتنی گرینگـە، تەنانـەت ئەگـەر خراپیش بێـت لەگـەڵ ئەوانـدا. پێویسـتیان بـە ئازادیـی تاوەکـو ئـەم ڕادەیـە توونـدە.

بەرانبەر ئەمە، گۆدۆ کەسێکە یان شتێکە، کە پێویستیی گەمەکان لەناو دەبات، کە لەڕاستییدا دەبێتە هۆکاری سوودمەندیی ژیان. چاوەڕێکردن جۆرێکە لە دەرفەتی بەشەریەت، کە لە درێژایی ئەودا مرۆڤ گەمەکان، یان شێوازی ژیانی ئاشکرای پێدادەڕێژێت، کە بەرگێکە بۆ کاری نەناسراو. «بوون یان نەبوون» ناوی گەمەی ڤیلادیمێر و ئیستراگۆنە و کاتێک، کە ئەم بابەتە باس دەکەن، دەستەواژەکانیان زایەڵەی وشەی پووچ و بیرهێنانەوەی کتێبی تەوراتە. «پووچ تەواو پووچ، سەرتاپا پووچ.» ئەم خاڵە، کە ناوەرۆکی بوونی ئەوان بێبەشە لە هەر جۆرە ئارامییەک، مەبەستێکە بۆ بیرهێنانەوەی هاملێت: «من دەتوانم لە توێکڵی گوێزدا شوێنێک بگرم و خۆم بە فەرمانڕەوای کیشوەرە فراوانەکان بزانم، بەڵام چ سوودێکی هەیە، کە چەند خەونێکی خراپ دەبینم[٢]» ئێمە لە کاری بینیندا لە بەرانبەری چەند وێنەیەکی دژواری شانۆدا و لەگەڵ کاردانەوەکاندا هاوشێوەی کاردانەوەکانی ڤیلادیمێر و ئیستراگۆن و لەگەڵ چاوەروانیی گۆدۆدا ڕووبەڕوو دەبینەوە. لەگەڵ پێشکەوتنی زەمەنی شانۆدا، ئێمەش هەم لە چاوەڕوانیی کۆتاییی کاردایِن، لە چاوەڕوانیی ئاشکراکردنی مانادا/ گۆدۆدا.

**پەراوێزەکان:**

١- ولیام شکسپیر، هاملێت.

سەرچاوە:
در انتظار گودو، بعدی وجودی، لوئیس گوردن در کتاب تفسیرها و تأویل ها در انتظار گودو.